# دۆکتۆرانامەیەک لە یاسای جینائی

د. طارق صدیق لە توێژینەوەیەکدا



بەڕێز (طارق صدیق) کە بە (حاکم طارق) ناسراوە، ناوێکی دیـــاری نێو چینی یاساناســـانە و بەڕێوەبەری گشـــتی دیوانی وەزارەتی هەرێمە بۆ کاروباری ناوەخۆ، هاوزەمان مامۆستای زانکۆشە، لە ماوەی رابوردوو، قۆناخێکی تری ژیانی لـــە خوێندنی باڵا بڕی، کاتێـــک دۆکتۆرایەکی بە پلەی ئیمتیاز پێ بەخشـــرا، بەرانبەر ئەو توێژینەوەی کە لەژێر ناونیشانی ( پاراستنی مافی کەسییەتی لە یاسای جینائی/ حمایە الحریە الشـــخصیة فـــي القانون الجنائي) ئەنجامی دابوو.

د. رزگار محمـــد قـــادر کـــە یەکێک بوو لـــە ئەندامانی لیژنـــەی گفتوگۆی دۆکتۆرانامەکە، پێی وا بوو کە توێژەر ماندووبوونێکی بێوێنەی کردووە و ئامادەکردنێکی پوختەی بۆ توێژینەوەکە کردبوو و گشـــت پێوەرە زانستییەکانی تێدایە .

ســـتافی راوێژ کـــە داوەتکراوی ئـــەو گفتوگۆیە بوو، لە نزیکەوە ( د.طارق صدیق) ی دواند:

**راوێـــژ: دکتـــۆر ئـــەو توێژینەوەیە چ زیادییـــەک بوو بۆ کتێبخانەی یاسایی کوردستان؟**

د.طـــارق صدیق: هەوڵمدا گەلێک لە ماددەکانی یاســـای سزاکانی عێراقی و یاسای سزاکانی بەراورد لە وڵاتانی تردا، کە بەشـــێوەیەکی رێکخەر، ماددەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییە کەسییەکانی تری تێدا رێک نەخرا بوو، من توانیم لەو توێژینەوەیەم دارشتنێکی نوێم بۆ کردەوە و لە بەشێکی